# الانفال

**نامق هەورامی**

**namqhawramy@hotmail,com**

---

لە زنجیرە هێرشێکی یەک لە دوای یەکدا لە زۆرێک لەم خاکەی نیشتمان هۆردووی ئەنفال بە هەناسە گەرمەکانییەوە، بە ڕەنگی ئاسایەوە هات و ماڵ بە ماڵ دێ بە دێ هەرچی خەونی زارۆکان و خۆزگەی کچە خنجیلان و تەسبیحی پیاوە نورانییەکانە پێچایەوە و بردی.

ئەنفال هات و کانی ئاواییەکانی کوێر کردەوە، ئەنفال بەسەر نوکی شمشێر و بە لوولەی تانکەکانەوە هات و گوتی: **ئێوە گەورەترین دەستکەوت و غەنیمەن و گەرەکە وەل خۆم بتانبەمەوە بۆ ئەوێو ئەوێیەک خاڵییە لەجوانی، خاڵییە لەماڵە باجێنەی منداڵان.**

لەوێ بیابان دڵی گەورەیە و لە هەناو یا جێگاتان دەکەمەوە و ئەنفال ڕوخسەتی لەڕیشی چەرمووی پیاوێکی نورانی نەخواست، چاوەڕێی نەکرد تا منداڵێک گەمەکانی تەواو بکات، دەرفەتی نەدایە پیرەژنێک تا پریاسکەیەک بپێچێتەوە لێرەوە کە ڕۆیشتن فریا نەکەوتین ئاوتان بە دوادا برژێنین کە ڕۆیشتن خەرمانێک بوون لە خۆزگە و لە تەڕی و لە میهرەبانی ، ئەمێستاش پڕ پڕن لە هیچ و وشک و وشکن بە سیمای بیابان و جەستەیەکن لە پەیکەرێک ئێسکی لێک هەڵوەشاو.

ئێوە ئەو تۆوە بێبەرەکەتە بوون لەدڵی بیابانا شین نەبوون، ئێمەش ئەو جووتیارە ڕەنج بە خەسارە بووین پڕ بە پڕی بیابانێکی وشکەڵاتوو و شەتڵی مرۆڤمان چاند و هیچ شین نەبوو، لە مانای ئەو بوکە شووشە و مەمەی منداڵان و پێڵاوە جێماوانە نەگەیشتین.

ئەنفال لە سەبای ساڵحاندا هاواری کرد... ئێمە وەک چۆن ئێمە ژیانمان پێبەخشین ئەوهاش دەبێت ئێمە بتانکوژین بیابان دڵی گەورە نییە، بیابان مروەت ئاوەزی نییە دەنا چۆن خۆزگەیەک لە وێڕا شین نەبوو؟

ئێمە ئەنفالمان دی.. مەرگی ئازیزانمان دی..؟ عەجاج و سەگە ڕەشەکانی نوگرە سەلمانمان دی و ژیان ئێمەی نەبینی... میهرەبانی ئێمەی نەبینی... ئێمە لە تونێلەکانی مەرگ و لە هەناوی عەرعەرەوە هاتینەوە ئێستا ئاواییەکەمان نازانێ ئێمە کێین.. هەنوکەکانییە کوێر کراوەکەی دێ نیگایەکمان تێنابڕێت. دەم نانێتە دەممانەوە...

ئێمە دۆزەخمان دی.. لە دۆزەخ گەڕاینەوە کەچی هێشتا هەر دەسووتێین